مەسرور بارزانی پیرۆزبایی لە گەل و حکومەتی نوێی لوبنان دەکات



مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێم، پیرۆزبایی لە گەل و حکومەتی نوێی لوبنان کرد بەبۆنەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتەوە، پشتیوانیی حکومەتی هەرێمیشی بە دووپات دەکاتەوە.

ئەمە یەکشەممە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا لە تەلەی کۆمەڵایەتی ئێکس، پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی و گەلی لوبنان کرد بە بۆنەی ڕاگەیاندنی پێکهێنانی حکومەتی نوێ بە سەرکایەتیی دادوەر نەواف سەلام.

مەسرور بارزانی، هیوای سەرکەوتن بە حکوومەتی نوێی لوبنان دەخوازێت و پشتیوانیی هەوڵەکانیشی دەکات بە دەستبەرکردنی ئاسایش، سەقامگیریی و گەشەسەندن بە خێرایی لوبنان و بەرەوپێشبردنی ئەو وڵاتە.

بارزانی، لە بەشێکی دیکەی پەستەکەیدا پشتیوانیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە حکومەتی نوێی لوبنان دووپات کردووەتەوە.